cyan magenta yellow black File: P.13 fl ˙ Æ˝ ” 1



## ژەنیارە بەناوبانگەکانی تورک و فارسم سەرسامی ئامێرەکەی خۆم کردووە

# هەرێم سەڵاح: هونەری کوردی تەسلیم بەهونەرێکی فاشلی بێ بنەماکراوە

**ئا: هێمن ئاری**

هونەرمەند هەرێم سەلاح، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی تا ئێستا کۆمەڵێک کاری جوانی پێشکەشکردووە.

ئەو ئەگەرچی سەرەتای دەرکەوتنی لەنێو خێزانێکی هونەری بوو، خۆشی وەک میوزیکژەن و ژەنیاری ئامێری باڵەبان ناسرا، بەڵام دواتر رووی کردە گۆرانی گوتن و تا ئێستا خاوەن چەند بەرهەمێکی جوانە.

دوایین ڤیدیۆ کلیپیشی کە بڵاوکردەوە لەچەند رۆژی رابردوو بوو بەبۆنەی چەژنی قوربانەوە پێشکەشی هەوادارانی کرد. بۆ ئەمەش لەماڵپەری تایبەتی خۆی نووسیبووی: سلاو ئازیزان، ئەم گۆرانییەم نوێترین ڤیدیۆ کلیپە دەیکەمە دیارییەکی بچووک و بە جەژنانە پێشکەشی ئێوەی خۆشەویستی دەکەم ، هیوادارم توانیبێتم کارێکی شایستەم پێشکەش بە ئێوەی ئازیز کردبێت.

هەروەها هونەرمەند هەرێم سەلاح، سەرەرای ئەوەی لەکارە هونەرییەکانی بەردەوامە، بەڵام واپێدەچێت بەهۆی خەمخۆری بۆ هونەری کوردی کەسانێک لەنێو بواری ئەمرۆی هونەردا نارازی بێت.

چونکە لەو نوسینانەی لەماڵپەرەکەیدا بڵاویان دەکاتەوە بۆ شێوەیەکی رەخنەی دەریان دەبرێت.

وەک نووسیویەتی: سەردەمێک بوو ئاوا ئاشقی ئامێرەکەم بووم، ئەگەر ئەم هەقە بەخۆم بدەم من بەپێچەوانەی ئەو میوزیکژەنانەی خەریکی کۆپی کردنی ژەنیارە بەناوبانگەکانی تورک و فارس بوون، من ژەنیارە بەناوبانگەکانی تورک و فارسم سەرسامی ئامێرەکەی خۆم کرد، کە ئەمەش بە ئەرشیفێکی جوانی هونەری خۆم دادەنێم لە دونیای هونەری خۆمدا.

هەروەها هەرێم سەلاح لەنووسینەکانی جیاوازی لەنێوان هونەرێکی جوان و پوخت دەکات بەبەراورد لەگەڵ هونەرێکی بێ بنەما کەتەنها مەبەست لێی کاری بازرگانی و خۆ دەرخستنە، بۆ ئەوەش دەنوسێت: لەنێوان هونەرێکی پاک و عاشق بوونی میوزیک، لەگەڵ هونەرێکی بێ بنەما و خۆ دەرخستوو و رێکلام کردن بۆ هونەرێکی سەقەت، من لەمنداڵییەوە ئەوەی یەکەمیانم هەڵبژاردووە.

بەلام لە کوردستان وەک چۆن هەموو شتێکمان تەسلیمی وڵاتانی دراوسێ بووە ,هونەر و میدیاشمان پێش هەموو شتەکان تەسلیم بووە ,چۆن سێوێکی رزیوی ئێرانی قیمەتی زیاترە لە سێوی خۆماڵی کوردی و ماستێکی بێ تامی پڕ ماددەی زیانبەخشی قوتوکراو چاوی زیاتر لەسەرە لە ماستێکی مەری خۆماڵی کوردی. زۆر لەوەش خراپتر هونەری کوردی تەسلیم بەهونەرێکی فاشیلی بێ بنەماکراوە، کە بەرای خۆم دەیگەڕێنمەوە بۆ دوو هۆکار.

یەکەمیان:خۆ بەکەم زانینی خۆمان بەرامبەر بە میللەتانی تر . دووەمیشیان:نەزانین و هەست پێ نەکردنی خۆمان.





## سوهێر قەیسی .. لەلایەن هەوادارانییەوە بەجوانترین کچی جەژنی ئەمساڵ ناوبرا

**ئا: هێمن ئاری**

خانمە میدیاکاری شۆخ و شەنگی عێراقی سوهێر قەیسی، کە بەیەکێک لەمیدیاکارە دیارەکانی عەرەب دادەنرێت، جیاواز لەگەڵ میدیاکارەکانی دیکەی عەرەب پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ کوردەکان هەیە. ناوەبەناوەش سەردانی کوردستان دەکات و بەجل و بەرگی کوردی و ڕووخسارە جوانەکەی هەوادارانی سەرسام دەکات.لەدواین دەرکەوتنیشدا لە چەند رۆژی رابردوودابوو بە بۆنەی جەژنی قوربان، ئەمجارەیان جیاوازتر لە دەرکەوتنەکانی دیکەدا بە پۆشینی جل و بەرگی مەغریبی بەشێوەیەک خۆی ڕازاندبۆوە و پیرۆزبای خۆی ئاراستەی هەوادارانی کردبوو. هەوادارانیشی بە جوانترین کچی جەژنی قوربانی ئەمساڵ ناویان دەبرد.سوهێر قەیسی ئیبراهیم، پێشتر لەکەناڵی (ئێم،بی،سی) بێژەری هەواڵەکان بوو، پێشتریش وازی لەکەناڵی (العربیە)ی سعوودی هێناوە بەهۆی سیاسەتەکانی دژ بە عێراق.

# بەبۆنەی ریفراندۆمەوە.. کتێبخانەی هەژار موکریانی بەرێژەی 50% داشکانی بۆسەرجەم کتێبەکانی کرد

**خەبات / یوسف هەورامی**

کتێبخانەی هەژار موکریانی بەبۆنەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بریاریدا تا رۆژی 25 / 9 / 2017 سەرجەم کتێبەکانی بەرێژەی 50% نرخەکانیان داشکاندنیان بۆ بکات و هەر بۆ ئەم مەبەستە عەتا رەئوف خاوەنی کتێبخانەی هەژار موکریانی تایبەت بەخەبات دواو گوتی :کتێبخانەکەمان بەردەوام لەخزمەت رۆشنبیران و خوینەرانی کتێبە لەشاری هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان لەتەواوی بۆنە نیشتمانییەکاندا کتێبخانەکەمان کارو چالاکی ئەنجامداوە و داشکاندنی بۆ تەواوی بەرهەمەکان کردووە و هەر بەو بۆنەیەوە هەر لەئێستاوە تا رۆژی 29/ 9 تەواوی کتێبەکان بەداشکانی لەسەدا پەنجای نرخەکانیان لەخزمەتی تەواوی دانیشتوانی هەڵەبجەو دەوروبەریدان بۆیە پێویستە لەسەرهەرتاکێکی میللەتەکەمان لەرۆژی 25/ 9 بەشداری لە ریفراندۆم بکات بە بەڵێ بۆسەربەخۆیی کوردستان ئەو رۆژە بکەینە رۆژێکی مێژوویی.



# گرووپی لەیزین بۆ سەمای باڵێ.. خاوەنی چەندین کاری هونەرین

**وریشە عومەر:** گرووپی (لەیزین بۆسەمای باڵێ) گرووپێکی هونەرییە و کار لە بواری سەمای باڵێ وشانۆ و بوارەکانی تری هونەر دەکات بە تایبەتی سەمای باڵێ. سەرەتای ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم هەنگاوی هونەری هونەرمەند (رووبار ئەحمەد) لەساڵی 1992 کە لەسلێمانی بۆ یەکەمجار وەک یەکەم خانمە هونەرمەندی باشووری کوردستان هونەری سەمای باڵێی هێنایە کوردستان وشاری سلێمانی. دواتر لە دهۆک و هەولێر چەند گرووپێکی پێکهێنا و چەندین کاری سەمای باڵێی پێشکەشکرد . ئەمە جگە لەوەی چەندین پرۆژەی بۆکردنەوەی قوتابخانەی سەمای باڵێ پێشکەش بە وەزارەتەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکان کرد تاکو لە 2008 قوتابخانەکەی سەمای باڵێیان پێکەوە لەسلێمانی دامەزراندو سەرەنجام لە 2014بەهۆی هاوکاری نەکردنی پەروەردەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی سلێمانی داخرا بەڵام ئێمە کۆڵمان نەداو برەومان دا بە گرووپەکەمان و بەردەوام بووین.



# رۆژی هەینی داهاتوو ماڵئاوایی تاهەتایی لە کەشتی ئاسمانی (کاسینی) دەکرێت

کەشتی ئاسمانیی رۆبۆتیی (کاسینی - هایگنز) کە پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان هەردوو ئاژانسی بۆشاییگەری (ئەمریکی) (NASA) و (ESA) ی (ئەوروپی) یەو تایبەت بووە بە دۆزینەوەی (هەسارەی زوحەل) و سیستەمی ئەڵقەیی و پاشکۆیەکانی، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 13 ساڵ بەسەر خزمەتکردنی نەپچڕاوە و بێ وێنەیدا تێپەڕی، بەڵام وادیارە لەبەر هەندێ هۆکاری تەکنیکی سەرووی توانایان، پسپۆڕان بڕیاریان داوە لە رۆژی هەینی داهاتوو 2017.9.15، تا هەتایە کۆتایی بە خزمەتی بهێنن و تا هەتایە ماڵئاویی لێبکەن.

ئەگەرچی بۆ بەگەڕخستنی ئامێرەکانی کەشتی ئاسمانی (کاسینی) سێ پاتری (پلوتۆنیۆم)ی ناووکی بۆ دانراوە کە لەساڵی 2010 بڕی وزەکەی گەیشبووە 670 وات و پاشان لەساڵی 2017 کەمبۆتەوە بۆ 605 وات، بەڵام لەبەر زۆر بەکارهێنان و کەمبوونەوەی یەگجار زۆری رێژەی (سووتەمەنی مووشەکەکانی رێکخستنەوەی رێڕەو)ی کەشتییەکە، پسپۆڕان لێرە بەدواوە ناتوانن چیتر دەست بەسەر کۆنترۆڵی جووڵەی کەشتییەکەدا بگرن و راستی بکەنەوە یان خولی دیکەی پێ تەواو بکەن بە دەوری هەسارەکەو پاشکۆیەکانی، هەربۆیە، لە بەرواری 2017.4.26 پسپۆڕانی کۆنترۆڵ لە (ناسا) بڕیاریاندا هەنگاوێکی دەگمەن و بوێرانە بهاوێژن، ئەویش رەوانەکردنی کەشتییەکە بۆ فڕین لەنێوان ئەڵقەکان و گۆی هەسارەکەو ئەم فڕینەش بە سەرکەوتوویی ئەنجامدراو بەهۆیەوە، کامێراکانی (کاسینی) توانی دیمەنی یەکجار زۆر ناوازەو بێ وێنەو بۆیەکەمجاری ئەڵقەکان و ترۆپکی هەورەکانی نێو بەرگەهەوای هەسارەکە بگرێت، بەڵام بەداخەوە، ئەوە دوایین خولانەوە دەبێت و لە بەرواری 2017.9.15، رۆژی هەینی داهاتوو کەشتییەکە ناچاردەکرێت بخزێتە نێو بەرگەهەوای هەسارەکە.

بێ گومان بەهۆی هێزی کێشکردنی مەزن و بەرگەهەوایە چڕوپڕەکەی هەسارەی (زوحەل)، کرداری لێکخشاندنی توند لەنێوان کەشتییەکەو تەنۆچکەکانی بەرگەهەوا روودەدن و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی لە رادەبەدەری پلەی گەرمیی کەشتییەکە، بەڵام لەو ساتە هەرە ناهەموارەشدا، پسپۆڕان هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن تاوەکو بۆ درێژترین ماوە رووی ئەنتێنای پەیوەندیکردنی کەشتییەکە بە ئاراستەی زەوی بهێنێتەوە تاوەکو تادوایین ساتیش بێت زانیاری وەربگرن دەربارەی ئەو ناوچانەی بەرگە هەوای هەسارەکە کە تاوەکو ئێستا هیچ کەشتییەکی ئاسمانی پێی نەگەیشتووە.

**ئا: ئەژی چەتۆ حەسەن**

